# کۆنفرانسەکەی بەغدا؛ خەونێك و هەزار تەگەرە!

27-08-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** حکومەت هەوڵێکی زۆریدا بۆ کونفرانسی هاوکاری و بەشداری لە بەغدا کە هەنێکیش پێیانباش بوو وەك لووتکە ناوی بەرن. لە ڕۆژانی رابردوودا لە خودی مستەفا کازمییەوە بگرە هەتا فوئاد حسێن وەزیری دەرەوە و عەلی عەللاوی وەزیری دارایی، بەشێک لە ئەندامانی کابینە لەم پایتەختەوە بۆ ئەو پایتەخت دەچوون، هەتا سەرکردەی وڵاتان بۆ بەشداری لە کۆنفرانسەکە قایل بکەن. 9 وڵات بەشدار دەبن بەڵام، ئەمە لووتکەی لێ دەرنەچوو.

RRC|

زریان ڕۆژهەڵاتی|

حکومەت هەوڵێکی زۆریدا بۆ کونفرانسی هاوکاری و بەشداری لە بەغدا کە هەنێکیش پێیانباش بوو وەك لووتکە ناوی بەرن. لە ڕۆژانی رابردوودا لە خودی مستەفا کازمییەوە بگرە هەتا فوئاد حسێن وەزیری دەرەوە و عەلی عەللاوی وەزیری دارایی، بەشێک لە ئەندامانی کابینە لەم پایەتختەوە بۆ ئەو پایەتخت دەچوون، هەتا سەرکردەی وڵاتان بۆ بەشداری لە کۆنفرانسەکە قایل بکەن. 9 وڵات بەشدار دەبن بەڵام، ئەمە لووتکەی لێ دەرنەچوو. تەنیا سێ وڵات لە ئاستی هەرە بەرزدا بەشداریی دەکەن. ئەوانیش میسر و ئوردن و فەرەنسان. مانگی 6ی ئەمساڵ، عەبدولفەتاح سیسی و مەلیك عەبدوڵڵا هاتبوونە عێراق و ئیمانوێل ماکرۆنیش لە مانگی 9ی 2020دا بە پرۆژەیەك بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ عێراق هاتبووە بەغدا. ئەوەی زیاتر چاوی لەسەر بوو ئەوەبوو کە ئایا سەرانی پلەیەك یەك یان پلەدووی ئێران، سعودی و تورکیا بەشداری دەکەن یان نا، کە وەڵامەکەی نەرێنی دەرچوو. 6 لەو وڵاتانەی کە بانگهێشت کران لە ئاستی پلەدوو یان سێدا بەشداریی دەکەن و، وڵاتانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش لە ئاستێکی نزمتر.

بەرپرسانی ئێستای بەغدا خەیاڵێکیان هەیە کە عێراق بکەنە شوێنی بە یەکگەیشتنی بەرژەوەندییە جیاوازەکان، بەڵام ئەمە کاریکی ئاسان نییە و گەلێك تەگەرەی ناوخۆیی و دەرەکیی لە پێشدایە. دواجاریش ڕۆڵی دەوڵەتان لە سیستەمە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا، زیاتر لە خواستی سەرکردەکان، گرێدراوی ئەندازەی هێزداریی دەوڵەتانە!

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە چارەنووسی خودی حکومەت لە عێراق ناڕوونە. ئەوە راستە کە بابەتی هاوکاری ناوچەیی لە گەڵ دەوڵەتان لە کاتی مالکی،حەیدەر عەبادی و عادل عەبدولمەهدیشدا مژارێکی جێی بایەخ بووە و کەم تا زۆر کاری لەسەر کراوە، لەوانەیە حکومەتی داهاتووش هەر بەو ڕێچکەیەدا بڕوات بەڵام، لەم هەوڵەی ئێستادا ڕۆڵی دوانەی بەرهەم ساڵح-مستەفا کازمی لە پێش بوو کە مان و نەمانیان لە پۆستەکانی ئێستایان کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی ئەو کۆنفرانسە دەبێت. ئەگەر هەڵبژاردن گێرە و کێشەیەکی تێنەکەوێت، ئەوان تەنیا کەمتر لە چەند مانگێکیان ماوە و لەوانەیە گەڕانەوەی موقتەدا سەدر بۆ هەڵبژاردن، ئەویش بە ڕێککەوتنێکی شیعی-شیعی، چانسی کازمیش بۆ مانەوە لاوازتر بکات. دۆخی نێوخۆیی یەکێتیش، ئەو پرسیارەی دروستکردووە کە ئایا بەرهەم ساڵح دەتوانێ ببێتەوە بە سەرۆککۆمار یان نا؟

خودی ئەنجامدانی کۆنفرانسەکە، ئەویش لە کاتێکدا کە وڵات بەرەو هەڵبژاردنێکی گرنگ دەچێت، لەوانەیە زیاترلە بابەتە گشتییەکانی پەیوەندیدار بە وڵات، ڕەهەندێکی کەسیشی بۆ هەردوو سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران تیدا بێت. هەوڵەکانی کەسانی نزیك لە کازمی بۆ گلێرکردنەوەی تشرینییەکان و دانانی لیستێکی بەهێز سەرینەگرت و، پێچەوانەی ئەوەش کە تەسەور دەکرا، پەرلەمانتارە ناڕازییە کوردەکانیش حەڵقەیەکی بەهیزیان بۆ هەڵبژاردن لە دەوری بەرهەم ساڵح دروستنەکرد. بۆیە لەوانەیە پیشاندانی توانستی دیپلۆماسیی و و ڕووداوێکی سیاسەتی دەرەکی کە بتوانن وەك سەرکەوتنێك پیشانی کۆمەڵگەی عێراقی بدەن، یەکێك لە دوایین هەوڵەکانی ئەم قۆناخەی هەردووکیان بێت تا لە کارنامەی سیاسیی خۆیان دایبنێن.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوە ڕوونە کە عێراق پێویستیی زۆری بە هاوکاریی دەوڵەتان هەیە تا سەقامگیرییەکی سیاسی و ئەمنی بۆ خۆی دەستەبەر بکات و ئابوورییەکەی ببوژێنێتەوە، بەڵام هێشتا ئەوە جێی پرسیارە کە ئایا وڵاتانی جیران، بەو ئەندازەیە دەربەستی هاوکاریی عێراقن یان نا؟

ناوبژیوانیی تاران و ریاز، ناوبژیوانیی میسر و تورکیا لە ریزی ئەو هەوڵانەیە کە دەشێ مستەفا کازمی بۆ دروستکردنی ڕۆڵێکی ناوچەیی بۆ عێراق دابێتی. 3 گەڕی دانوستاندنی تاران و ریاز بە ناوبژیوانی عێراق کرابوو بەڵام دواجار ڕاگیرابوو. بە ئەگەری زۆر، چڕبوونەوەی سەرنجی ئەمریکا بۆ ململانێ لەگەڵ چین و ڕووسیا وەك خۆی بانگەشەی بۆ دەکات و، دڵەڕاوکێی دەوڵەت و ئاکتۆرەکان لەوەی کە لەوانەیە لە هەر ئان و ساتێکدا ئەمریکا جێیان بهێڵێت، لەگەڵ دۆخی یەمەن، ریاز و وڵاتانی دیکەی وەك ئیماراتی هاندابێت تا لەگەڵ ئێران بکەونە دانوستاندن. بۆ ئێرانیش کە تەسەوری نەدەکرد بایدن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ئەوەندە خۆی جیڕ بکات، لەگەڵ ئەو گرژییانەی کە لەکەنداو هەن، دوو بابەتی گرنگن کە تاران هاندەدەن تا زیاتر مەیلی بۆ دانووستاندن لەگەڵ ریاز بچێت.

هەندێك لە راوێژکارو کەسانی نزیك لە حکومەتی بەغداش رێك ئەمە وەك دەرفەتێك بۆ عێراق سەیر دەکەن، تا سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبارە ناوخۆییەی کە هەیەتی، بتوانێ ڕۆڵێکی ناوچەیی پەیدا بکات و ئەمەش، بە سەقامگیرییەکی سیاسی- ئەمنی و راکێشانی سەرمایەی دەرەکی بۆخۆی تەرجەمە بکاتەوە. هەڵبەت خاڵێك کە لێی خافڵن ئەوەیە کە ناوبژیوانیی تاران و ریاز، یان هەر پرسێکی دیکەی

ئەم ناوچەیە، بە بێ هەبوونی کەرەستەکانی هێزداری ئاسان نییە.  دواجار، ئەگەر ئێران و سعودی لێ ببڕێن کە پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە، ئەوسا هەم ناوبژیوانی بەهێزتر لە عێراق هەیە، هەمیش دەتوانن راستەوخۆ دانوستاندن بکەن، وەك ئەوەی پێشتر کردوویانە. بۆیە ئەمە بۆ عێراق بابەتێکی کاتییە.

سەبارەت بە کێشەکانی ئێران و ئەمریك لە عێراق کە رەهەندێکی نێوخۆیشیان هەیە، کازمی لەم ماوەیەی دواییدا توانیویەتی لە دوایین گەڕی دیالۆگی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا، چارەسەرێکی نێونجی بۆ بابەتی مان و نەمانی هێزەکانی ئەمریکا و خواستی گرووپە چەکدارییەکان بدۆزێتەوە. لەوانەیە ئەمەشی لەڕێی دانوستاندن لەگەڵ ئێران و لەگەڵ بەرپرسانی نزیك لە گرووپەکە چەکدارییەکان کردبێت. هەڵبەت نەبوونی کۆنترۆڵی تەواوی دەوڵەت بەسەر گرووپە چەکدارییەکان، وابەستەیی ئەم بابەتە بە کەین و بەینی گرووپە چەکدارییەکان و دەوڵەتانی دەرەوە، هەورەها گرێدراوییەکەی بە دۆخی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران، وادەکەن کە ئەم بابەتە هێشتا بۆ بەغدا تەگەرەیەکی جیدی بێت.

بۆ تورکیا کە بە دۆخێکی ناوخۆیی دژواردا دەڕوات و زیاتر لە عێراقیش، پرسیی سووریا لە ئەولەویەتی ئێستایدایە، رەنگە خەمەکانی عێراق لەبارەی سەقامگیری لە سنوورەکان،  ئەوەندەی پرسی ئاراستەکردنی رای گشتی تورکی بایەخدار نەبێت. بۆیە بەغدا رازی بێت یان رازی نەبێت، بەردەوامیدان بە شەڕی پەکەکە لە سنوورەکان هێشتا بۆ ئەنکەرە بایەخدارە و بە کەڵکی سیاسەتی نێوخۆی دێت.

لەڕووی ئابوورییەوە تورکیا و ئێران، وەك بازاڕێکی گرنگ تەماشای عێراق دەکەن و ئەوان رکابەری یەکەن. ئێستا لانیکەم پرۆژەیەکی تورکی بۆ هەناردەکردنی کارەبا بۆ عێراق و دانەیەکی میسری و دانەیەکی خەلیجی و یەکێکی ئێرانیش بۆ بەردەوامیدان بۆ ناردنی گاز و کارەبا بۆ عێراق لە ئارادان. نەك هەر لەسەر کارەبا، بەڵکوو رکابەرییەکیش لەسەر بایەخە ڕێڕەوییەکەی عێراق لە ئارادایە. عێراق بۆخۆی بە تەمای بەندەری فاوە. تورکیا دەیەوێ ڕێگایەکی ئاسن و دانەیەکی وشکانی و دەروازەیەکی نوێ لەگەڵ عێراق بکاتەوە. لە موسلیش چاوی لە پرۆژەکانی بنیاتنانەوە و وەرگرتنی پرۆژەی فرۆکەخانە بوو کە حکومەت دایە فەرەنسا. وڵاتانی عەرەبی بە تەمای ئەکتیڤکردنی ڕێگاکانی بەستنەوەی عێراق بە سعودی و بەستنەوەی عێراق بە ئوردن- میسرن و، ئێرانیش بە تەمای هێڵی شەمەندەفەری شەلەمچە- بەسرە و بازاڕی ئەم وڵاتەیە. بۆیە رکابەرییەکان تەنیا سروشتێکی سیاسی و ئەمنییان نییە و، رەهەندێکی ئابووریشیان هەیە. ئا لە دیمەنێکی وەهاشدا، دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق لەڕێی هاوکارییەکی ناوچەیی، تۆزێ زوو دێتە پێشچاو!

هەرچەند ئەزموونەکانی پێشتر بەوجۆرە بوون کە هەرکاتێ بەغدا پەیوەندیی و هاوپەیمانییەکانی لەگەڵ جیرانەکانی باشتر کردبێت، زیانی لە پرسی کورد داوە، بەڵام ئەنجامدانی کۆنفرانسێك بۆ گلێکردنەوەی لایەنە دژەبەرەکان لە بەغدا، کە بتوانێ رۆڵێکی ناوچەیی بداتەوە بەم وڵاتە، دەتوانێ بۆ هەر حکومەتێك لە بەغدا خاڵێکی پۆزەتیڤ بێت، هەڵبەت لە دۆخی ئێستادا ئەستەمە کۆنفرانسەکەی بەغدا گۆڕانکارییەکی گەورە دروستبکات.